سەیرە بە لای خوای گەورە؛ کەسانێک دەچنە بەهەشتەوە بە زنجیرەوە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- (سەبارەت بەم ئایەتە) : «{کنتم خير أمة أُخْرِجَتْ للناس} [ال عمران: 110]، واتە: {ئێوە (مسوڵمانان) باشترین گەلێک بوون بۆ خەڵکی هێنرابێتە دی}، -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: باشترینی خەڵکی بۆ خەڵکی ئەوانەن دەیانهێنن وزنجیر بە ملیانەوەیە هەتاوەکو دێنە (ناو ئاینی) ئیسلامەوە». و هەر ئەو دەیگێڕێتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- لە پێغەمبەرەوە -صلى الله عليه وسلم- کە دەفەرموێت: «سەیرە بە لای خوای گەورە؛ کەسانێک دەچنە بەهەشتەوە بە زنجیرەوە».

[صەحیحە بە ڕیوایەتیەکەیەوە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە -سبحانه وتعالى- سەیرە بەلایەوە کەسانێک دەیانهێنن بەرەو بەهەشت بە زنجیرەوە، ئەوانیش کەسانێک بوون لە کافرەکان کە مسوڵمانان زنجیر بەستیان دەکردن لە جیهاددا، وپاشان ئەم دیل بوونە هۆکاری مسوڵمان بوون وچوونە بەهەشتیان بوو، فەرموودەی دووەم ڕاڤە وڕوونکردنەوەی فەرموودەی یەکەمە کە هاوەڵێک دەیگێڕێتەوە، وئەوانەی ئەم دیلانەیان گرتووە بە باشترین خەڵکی ناوبراون لە گێڕانەوەکەی ئەبو هورەیرە -ڕەزای خوای لێبێت- چونکە هۆکار بوون بۆ هیدایەتدانی دیلەکان وباشترینی خەڵکن بۆ خەڵکی، وسەرەتای وتەکەی بە ئایەتێک دەستپێکرد؛ چونکە ئەم ئایەتە خێر وچاکێتی ئەم ئومەتەی بە ئاشکرا تێدا باسکراوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4932